# سڕینەوەی جەستە و مانەوەی عەقلیەت

## ڕایەکی دی لەسەر هەڵواسینی سەدام و بیرکردنەوەی کورد

ئێرۆن عومەر

eron_umer@yahoo.com

بۆ ئەوانەی دژی سەدام بوون وەك كەس لەسێدارەدانی ئەو دڵخۆشیەكی هەرەزۆر و بەدیهاتنی هیوایەكی هەرە گەورە بوو ، بەلاّم بۆ ئەوانەی دژی سەدام بوون وەك ئەقلیەت لە سێدارەدانی جیاوازیەكی ئەوتۆی نەبوو لە گەڵ مانەوەی، لە هەمان كاتدا بۆ ئەوانەی سەدامیان بە پالەوانی خۆیان دەزانی وەكو كەس ڕووداوی لەسێدارەدانەكەی ڕووداوێكی تاڵ و ناخۆش و بۆ ئەوانەش سەدامیان وەك ئەقلیەت پێڕەوی لێكردووە كەمتر پەشۆكان و هەرگیز پێیان وانیە سەدام كۆتایی پێهاتووە، لە ڕاستیدا سەدام سیمبۆلی فاشیەت و دیكتاتۆریەت بوو نەك ئەوەی هەرچی دیكتاتۆریەت و تاوانە هۆكارەكەی بە تەنها سەدام بووبێت، سەدام دیكتاتۆرێك بوو لە كۆی ئەو دیكتاتۆرانەی لە ناویان و لە دەوروبەری و لەژێر فەرماندەیی ئەودا بوون، زۆركەس لە كورد و غەیری كورد ڕەخنەیان لە عەبدولا عامری گرت كە لە كاتی دادگایی كردنی سەدام دا گوتی تۆ دیكتاتۆر نەبووی بەلاّم دەوروبەرەكەت تۆیان كرد بە دیكتاتۆر، هەر ئەم وتەیەشی بووە هۆی لابردنی وەكو دادوەر لە دادگایی سەدام، لەڕاستیدا عامری لە دەربڕینی قسەكەی دا هەڵەی كرد ئەگینا شتێكی ڕاستی گوت، ئەبوایە بڵێت تۆ دیكتاتۆربووی بەهۆی دەوروبەرە دیكتاتۆریەكەت، چونكە سەدام بەڕاستی لە كات و شوێنێكدا و لە ناو كۆمەڵێكدا پێگەییوە كە بێجگە لە دیكتاتۆریەت نەیتوانیوە شتێكی تر بەرهەم بهێنێت. ئەو كۆمەڵەی ئێستەش بەهەموو پێكهاتە جیاوازیەكانیەوە ڕەگەكانی دیكتاتۆریەت تێیدا بەهێز و چەسپاون.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا بە لە سێدارەدانی سەدام ئاكارەكانیشی لە زەینی كۆمەڵەكەی و ژینگە كۆمەلاّیەتیەكەی و هاوسۆزانی لە هەموو جیهانی عەرەبی سڕاوەتەوە ، ئەو(سەدام)ەی بە دەسگیركرانی ئومێدی بۆ هەمیشە لەگۆڕنانی دیكتاتۆریەتی لای عێڕاقیەكان لێ پەیدابوو، بە لە سێدارەدانی ترسی جارێكی تر سەرهەڵدانەوەی دیكتاتۆریەتی لای عێڕاقیەكان نە هێنایەدی؟!، بە هۆی ئەو ڕووداوانەی لە ماوەی گیرانی سەدام تا لە سێدارەدانی لە عێڕاق ڕوویان دا و هەروەها بە هۆی كات و شێوەی جێبەجێ كردنی ئەو سزایە بەسەریدا جۆرە تێڕوانینێكی جیاوزی لەوەی خەڵك لە سەرەتادا دەربارەی ئەو دیكتاتۆرە هەیانبوو نەهێنایە كایەوە؟!، دڵنیام سەدام دوای دەسگیركردنی ئەگەر بێ دادگایی كردنیش یان دادگایەكی خێراو ماوە كورت لەسێدارە بدرایە كەمترین كاردانەوەی لێ پەیدا دەبوو چ لە ناوەوەی عێڕاق و چ لە دەرەوەی، ئەو كاتە دەمانتوانی بڵێین تۆڵەی تاوانەكانی لە بەرامبەر هەموو عێڕاقیەكان بەبێ جیاوازی لێ كرایەوە، ئەوسا تەنها وێنەی سەرۆكی دەولەتێكی دیكتاتۆری لەشەڕدا دۆڕاو و ڕوخاوی لای عێڕاقیەكان و خەڵكی تریش دروست دەكرد، وێنەی ئەوەی كە سەرەنجامی هەموو دیكتاتۆرێك ئەوەیە كە ڕووی دا، بەلاّم هەڵەی گەورەی دادگای عێڕاقی تایبەت بە تاوانەكانی سەدام و دارو دەستەكەی و حكومەتی عێڕاقی بەگشتی و ئەمریكیەكانیش ئەوە بوو كە دادگایی سەدام لەسەر یەكێك لە تاوانە كەمتر دیارەكانی ماوەیەكی زۆری خایاند كەتێیدا هەرجارەی سەدام نەك وەك تاوانبارێكی سەرشۆڕ بەڵكو وەك دیلی جەنگ و زیندانیەكی سیاسی و داكۆكیكارێكی نیشتیمان هەڵس و كەوتی دەكرد و هەمیشە بە ڕووی دادوەرەكان دا هەڵدەپژا و قسەی پێ دەبڕین و پێیان پێ دەكەنی و هیچ ترسێكی لە خۆی نیشان نەدەدا ئەمەش وای لێكرد لەبەر چاوی خەڵكی سادەی عێڕاق و ولاتانی عەرەبی و هەندێك لە ولاتانی ئیسلامی وەكو پالەوانێك لە نێو قەفەسی دادگا دەركەوێت ، هەلەی گەورە ئەوە بوو ئەولەویەت درا بە قەزیەیەك كە سەدامی لەسەردادگایی كرا و لە سێدارە درا دەتوانین بڵێین لە چاو تاوانەكانی تری بە بچوكترین تاوان دادەنرا و هەموو ئەو بەلگانەش كە خرانە ڕوو بەشی ئەوەی نەدەكرد كەسی سەدامی لەبەرچاوی هەموو كەسێك عێڕاقی و ناعێڕاقی پێ ناشیرین بكرێت، ئەبووایە دادگا وەكو یەكەم قەزیە گەورەترین تاوانی ئەوی هەڵبژاردایە كە زۆرترین بەلگەی حاشاهەڵنەگر و لای هەموو دنیا

ئاشكرای بە وێنە و دیکۆمێنت و شایەتی گومان لێ نەکراوی هەیە، وەك تاوانی جینۆسایدی کورد، کە بێگومان سەدام و هاوەڵەکانی لەبەرامبەری دا نەیان دەتوانی دەم بکەنەوە و ئەگەر قسەشیان بکردایە کەس قسەی لێ وەرنەدەگرتن و پارێزەرەکانیشی هەر زوو لە زمان دەکەوتن، تاوانباریش نەیدەتوانی دادگا بکاتە مەیدانی پیشاندانی ئازایەتی و چاونەترسی خۆی و بەرگری و هوتاف کێشان لە دژی داگیرکاری و ڕیسوا کردنی حکومەتی عێڕاقی و توانای بەرگری کردن لە خۆی نەدەبوو وەك لە قەزیەی دوجەیل هەیبوو، ئەوسا دادگا دەیتوانی لەجیاتی ناڕەزایی و کاردانەوەی هاوسۆزانی و عەرەبەقەومیەکان و ئەوڕوپیەکان و ترسی بەرپابوونی شەڕێکی تایفی و زیاتر شلەژانی بارودۆخ لە زەینی هەموو کەسێکدا سەدامێکی شایستەی مردن و لە سێدارەدان دروستبکات.

ئەو هەستە نەخۆش و نامۆ و ناعەقلی و نابینایەش کە لای زۆر لەکوردە کۆن و تازە لە دنیا بە ئاگاهاتوانەش کەچاویان هیچ تاوانێکی سەدام لە بەرامبەر میللەتەکەی خۆیان نابینێ و خەریك بوو فرمێسکی بۆ ببارێنن و شینی بۆ بگێڕن  چ ئەوانەی بێ ئاگاو سادەن و بە دیتنی دیمەنی لەسێدارەدانی بەزەییان پێدا هاتەوە و چ ئەوانەی کۆنە شت بوون و بەکەسایەتی ئەو سەرسام بوون یەکێکی تر لەو دیاردانە بوو کە دەرەنجامی خستنە دواوەی ڕووبەڕوو کردنەوەی سەدام بە گەورەترین و شوێنەوار دیارترین تاوانی بەرامبەر بەکورد و ولاتەکەی چ بە دەستی ئەنقەست لە لایەنی عەربی شیعە و چ کەمتەرخەمی کاربەدەستانی کورد بوو. بەلاّم لە هەمان کاتدا دەتوانین بلّێین ئەو دیاردەیە لە ناو کورد شتێکی تازە و بێ پێشینە نیە، مەگەر کورد هێندێك لە توێژە خوێندەوار و لەنیا گەیشتوەکەی لێ دەرچێ کە هێشتا لە نیوەی زیاتر نین ئەوانەی تر ئێستەش ئەو کوردە خەمخۆرانەی برایەتی موسولمانە عەرەب و عوسمانی و سەفەوی و کێ و کێ نین ، مەگەر چ شتێك بووە بە درێژایی هەزاران ساڵ وای لە کورد کردووە لە دەرەوەی مێژوو بژین؟!ئایا کورد هەرگیز فێربووە کارەسات و مەینەتیەکانی خۆی زیندوو ڕابگرێت، هەرگیز فێر بووە ڕابردووی خۆی بیرنەچێتەوە و ئاوڕێك بۆ دوێنێی بداتەوە، بە یەکەم قسە باوەڕ نەهێنێت و هەلّوەستە و تێڕامان لە سەر هەر بەلّێن و پێشنیارێك بکات؟!کورد هەرگیز پێڕانەگەیشتووە و نەیویستووە پێڕابگات وێنەی خۆی لەدەرەوەی خۆی و لە چاوی کەسانی تر ببینێت، کەروێشك ئاسا بەهەمان ڕێگادا نەڕواتەوە کە لێیەوە ڕاو نراوە. با لە ئەسلی مەسەلەکە دوور نەکەوینەوە دیارە کە کورد هەشتا ساڵە لە لەو ولاتەدا دەژین کەپێی دەگوترێ عێڕاق، تێکەڵی نێو هەموو ڕووداوەکانی ئەو ولاتەشە ، سەدام بەشی خۆی لە نێو کوردیشدا هەبوو هەروەك لە نێو عەرەبی سونە و شیعەدا هەیبوو، سەدام بۆ ساتێکیش لە کورد غافل نەبوو، دەیزانی چۆن مامەلەیان لەگەڵ دەکات و چۆن بەهێز و گەورەیان ناکات و نایانکاتە جێگای مەترسی، سەدام پێکهاتەی سایکۆلۆژی و کۆمەلاّیەتی کوردی چاك ناسیبوو و دەیزانی لە بەرامبەریاندا ڕەفتار بکات، لەبەرامبەر دوژمنایەتی هەریەکێکیاندا دۆستایەتی یەکێکیانی دەکرد، لەبەرامبەر دەسگیرکردنی هەریەکێکیاندا یەکێکیانی شاگەشکە دەکرد لەبەرامبەر ڕاونانی هەر یەکێکیاندا یەکێکیانی میوانداری دەکرد لەبەرامبەر سەربڕینی هەریەکێکیاندا یەکێکیانی خەلات دەکرد.

لە ڕاستیدا ئەبوایە بە لەناوبردنی سەدام کارێك بکرایە کە هەلس و کەوت و عەقلیەتی ئەویش لە ناو گەلانی عێڕاق لە نێوبردرایە، بەلاّم ئێستە هەست دەکەیت سەدام تەنها وەك جەستە لەنێوبراوە و هەموو ئاکار و بیروباوەڕەکانی ئەو لای زۆر لە عێڕاقیەکان ماوەتەوە هەرکاتێ بۆیان بلوێ هەموو ڕابردووی ئەو دووبارە دەکەنەوە، سەدام یەك لەو ملیۆنانە بوو کە کەلتووری خوێنڕشتن و توند و تیژی و دیکتاتۆریەتیان بەرهەم هێناوە لە عێڕاق و هەموو ناوچەکەش ، سەدامێك لە سێدارە درا چەند ملیۆنی تریان ئامادەن، تەنانەت ئەوانەی سەدامیان لەسێداردا ئەگەر خۆیان تاکە سواری مەیدانەکە بوونایە جیاوازیەکی ئەوتۆیان لەگەڵ ئەو نەدەبوو، مومکین نیە لە ولاتێك هێزێکی دینی یان مەزهەبی یان قەومی دەسەلات بگرێتە دەست پێڕەوی لە پرەنسیپەکانی دیموکراسیەت بکات.

لە لایەکی ترەوە من وای لێ تێدەگەم کە لە سێدارەدانی سەدام بەو شێوازە و لەو کاتەدا جۆرێك لە بەرنامەیەکی نا ئاشکرای ئەمەریکیەکان بۆ ئایندەی عێڕاق بێت، ئەمەریکیەکان ناڕاستەوخۆ و لە بێئاگایی دەسەلاّتدارانی ئێستای بەغدا بارودۆخێکی وایان هێنایە پێشەوە کە هێزەکاریگەرەکانی ناو حکومەتی ئێستای عێڕاق بەتایبەتی شیعەکان تێیدا زەرەرمەند بن، بەوەی وێنەیەکی وای لە دەسەلاّتی شیعەکان پێشکەشی عێڕاق و جیهان کرد کە وێنەیەکی قبول نەکراوە

و خۆ سەپێنەرە و تۆلە ئەستێنە و ناتوانێ لەگەڵ پێکهاتەکانی تردا مامەلەیەکی ڕاست و دروست بکات و بەکەڵکی ئایندە و دەسەڵات نایەت، نابێت هەڵبژێردرێن و دەنگیان پێ بدرێت، ئەگینا دەیتوانی وابکات سەدام لە بارو دۆخێکی وا لە سێدارە بدرێت هیچ رواڵەتێکی تاك لایەنی و مەزهەبی پێوەدیارنەبێت. دیارە ئەمەریکا بەهۆی نەهاتنە ژێرباری سونەکانەوە بەناچاری حوکمی بێ چەند و چوونی شیعەکانی لە عێڕاقدا قبول کردوە ئەگەرچی دەزانێت تا چ ئاستێك لەژێر کاریگەری ئێران دان، بەلاّم دەبێ پیلانێکیشی بەدەستەوە بێت بۆ دوورخستنەوەیان بە شێوازی ئێستە لە دەسەلاّت لە ئایندەی عێڕاقدا.

بەکورتی ئێمە لە ناوچەیەکی تەژی لە ئەقلیەتی سەدام و سەدامیەکان دەژین، دوژمنانی سەدامیش هەمان شێوەی سەدام بیر دەکەنەوە چارەسەریش نە کوشتنی سەدامەکان و نە شەڕی بەردەوامە، بەڵکو نزیکترین ڕێگا لێك جیا کردنەوەی پێك ناکۆکەکانە، عێڕاقی یەکگرتووش مەگەر بەخوێن ئەگینا من و تۆ خۆش.